# گفتوگۆ لەگەڵ پییر پاولۆ پازۆلینی

وەرگێڕانی: جەبار سابیر



١٥ی شوباتی ٢٠٢٢ هەڤپەیڤین

**دەیەی دووەمی هەزار و نۆسەدی زایینی**

**پییر پاولۆ پازۆلینی لە پێنجی ئازاری ساڵی ١٩٢٢ لە زادگەکەی باوکی، شاری بۆلۆنیا، لە باکووری نیمچە دورگەی ئیتالیا لەدایک بوو. دایکی، سۆزانا، خەڵکی کازارسای هەرێمی فریۆلی بوو لە باکووری خۆرهەڵاتی ئیتالیا. گۆیدۆی برای لە ساڵی ١٩٢٥ لەدایک بوو.**

شاعیری خۆڵەمێشەکانم، کەسێک کە لە شارێکی لێوڕێژ لە ڕاڕەو و کەوانەکان لە ساڵی ١٩٢٢ چاوی بە جیهان هەڵهێناوە. تاقە یادەوەرییەکی لەبیرماوەی من لە سەردەمی منداڵیم، لە شاری بۆلۆنیا... پێداگری و پێچەقێنی منداڵێکە کە وڕکی دەگرت تا بە دڵنیاییەوە بە گالیسکە بچێتە ماڵەوە و گەرنا لە شوێنی خۆی ناجووڵێ! هیچی دیکەم لەو سەردەمە لەبیر نییە، واتا لە شەقامەکان، باڵەخانەکان و ڕاڕەوە بەرزەکانی بۆلۆنیا لەو سەردەمەدا، هیچ شتێکم لەبیر نییە. لە تەمەنی سێ ساڵییەوە خەونم بینی. لە هەمان وێنەگەلی ناخۆشەوە کە هەر ماوەماوەیەک بە شێوەیەکی زنجیرەئاسا هێرش بۆ خەونەکانی مرۆڤ دەهێنن. لەم خەونانەدا شاری بۆلۆنیام ڕێک بە هەمان شێوەیەک کە هەبوو بە ڕەنگگەل و تەلارەکان و ڕاڕەوەکانییەوە دەبینی. لەو قۆناغە، وێنەیەک کە زیاتر دێتە دووم، ئەوەیە چما دایکمم ون کردووە و بە شوێن ئەودا بە هەموو لایەکدا ڕادەکەم. ئەم ڕووداوە هێندە ترسناک بوو بۆم کە بە دوای ئەودا لە هەموو کۆڵانە بە ناویەکداچووەکاندا دەگەڕام.

**چۆن ڕێم کەوتە دنیای پەخشان؟**

**ئەگەر باڵندەیەک بوویتایە**

**یا کڵاوکوڕەیەکی لاڵ لە مێژوودا**

**تاقە گوڵێکی سوور**

**ئەی دایکی گەنج**

**ئەمە ویستی دڵی تۆ بوو؟**

**ئایا ئەگەر بەم شێوەیە دەرتبڕم**

**پەسەندم دەکەیت؟**

باوکم کە ناسیونالیستێک یا تاڕادەیەک فاشیستێک بوو، ئایین و سونەتێکی تەواو فەرمی هەبوو، بە شێوەیەک کە بە دڵنیاییەوە یەکشەممان و تەواو وەک خەڵکانی دیکەی چینی بۆرژوا، لە ڕێوڕەسمی ئایینی گرنگی کەنیسە بەشداری دەکرد و لەسەر کورسیی پاکبوونەوەی ڕۆح دادەنیشت. دایکم بە پێچەوانەوە، ئایینی گوندی سادە و ڕاستەقینەی هەبوو کە لە دایک و دایەگەورەی خۆیەوە بە میرات بۆی مابۆوە. ئایینێکی ناشاری شاعیرانە و تەواو باو.

تەمەنم حەوت ساڵ و نیو بوو بە بەکارهێنانی دیالێکتیی خۆجێیی لە زمانی ئیتالیدا، یەکەمین شیعرەکانی خۆم نووسی. لەو کاتەدا لە پۆلی دووی سەرەتایی

بووم و له شیعرەکانمدا لەبری قسەکردن له بارەی کڵاوکورە و گوڵ و جوانییەوە، قسه له بولبولی باغ و چاڵی چەناگه بوو!

**دەیەی سێیەمی هەزار و نۆسەدی زایینی**

**ماڵباتی پازۆلینی پاش جێگۆڕکێی بێبڕانەوە، کۆتاییەکانی ساڵی ١٩٣٦ له بۆلۆنیا نیشتەجێ بوون. لێره پییر پاولۆ له ماوەی خوێندنی خۆیدا دەستی کرد به خوێندنەوەی فۆسکۆلۆ، کاردۆچی و ئۆنگاریتی، شاعیرانی کلاسیکی ئیتالیا.**

ناوەندی گالوانی ڕشتەی ئەدەبیات، پۆلی سێیەمی له ناوەندی نمرەکانم خراپ نەبوو، نزیکەی هەشتێکی بەدبەختانەم له ده دەهێنا، بەڵام تاقەت و بەردەوامی پێویستم نەبوو به شێوەیەک که هەندێکجار له وانەی یۆنانیدا نمرەی بەلاشی وەک هەشت و هەندێکجار سێیەکی ناشایستەم پێ دەبڕا. بەهەرحاڵ وانەی لاتینم زۆر زیاتر له یۆنانی خۆش دەویست و زیاتر لەوەی وەرگێڕانی نووسین ئەنجام بدەم، وەرگێڕانێکی زارەکی باشم هەبوو. له پۆلیشدا زیاتر وەرگێڕانی وشه به وشەمان وەک ئەرک ئەنجام دەدا و من زۆر حەزم لەم کاره بوو. ئوستازی یارمەتیدەری ئەو کاتەی ئێمه پرۆفسیۆر ئانتۆنیۆ ڕیناڵدی بوو و لەوێوه که ئەویش وەک ئێمه گەنج بوو و نەیدەزانی چۆن ڕەفتارمان لەگەڵ بکات، به یەکێک له شیعرەکانی ڕامبۆ دەستی پێ کرد. ڕێک لەو چرکەیەدا بوو ئەو هەسته دژه فاشیستییه له مندا دروست بوو.

سەیرکەن! ئێره ڕاڕەوی مردنه، یەکێک له شوێنه دڵخواز و باڵکێشەکانی ژیانی من، لەسەر شەقامی نانی. ڕاڕەوی مردن من دەخاتەوه بیری ڕۆمانی *گەمژەی* دۆستۆیڤسکی، بیری شکسپیر و *ماکبێس*ەکەی و هەموو ئەو نووسەرانەی من له تەمەنی پازده ساڵییەوه له ڕۆخی شەقامەکان دەستم کرد به کڕینی کتێبەکانیان. قۆناغێکی زۆر سەرسووڕهێنەر بوو. به درێژایی ژیان بیرم نایەتەوه بەو هەموو چڵێسی و حەز و تاسەیەوه کتێبم خوێندبێتەوه.

**تۆ باش دەزانی چەنده پاک و بێگەرد بووم**

**چەنده شەیدای ئەو بوونه پاکه پاڵێوراوه بووم...**

**و تا چ ڕادەیەک ئاماده بووم بەرگری لێ بکەم و خۆشم بوێت...**

**پرسیار: تۆ پێشتر وتووتە باوک و دایکت سازانیان نەبوو؛ ئەم بابەتە تا چ ڕادەیەک کاریگەری لەسەر تۆ و براکەت داناوە؟**

بە بۆچوونی من لە بارەی براکەمەوە، هەروەک لە زۆربەی کاتەکاندا بۆ منداڵان ڕوو دەدات، جیابوونەوەی باوک و دایکم بابەتێکی تاڕادەیەک ئاسایی وەردەگیرا، بەڵام بۆ من ڕێک وەک بەڵایەک وابوو، تراژیدییەکی ڕاستەقینە.

**تۆیش وەک من وا بوویت**

**پۆشاکی خاوێن و پێڵاوی نوێ**

**لەو یەکشەممە شیرین و پڕ یادەوەرییانە.**

**دایکت چەندین جار لەگەڵ تۆ ئەی بچکۆل، ئەی گەنج**

**ڕوخساری گۆڕی**

بە قورسی دەتوانم لە بارەی باوکمەوە قسە بکەم، چونکە ئەو پیاوێک بوو تەواو لەگەڵ من جیاواز بوو. بە شێوەیەک لەگەڵ من جیاواز بوو، چونکە پەیوەندییەکەمان تووشی کێشە بوو. لەو پەیوەندییە گشتی بووە و ئاڵۆزە لەنێوان باوک و منداڵان، لە کاتگەلێک کە بە قورسی لە یەکتری تێدەگەن. ئەمە بە هۆکارگەلی زۆرە کە ڕەنگە زیگمۆند فرۆید باشتر لە من ڕوونی بکاتەوە، و کاتێک ڕوو دەدات کە دیدگایەکی ئایدۆلۆژیک و تیۆریی جیاوازی زۆر لەنێوان منداڵ و باوکدا هەبێت. هۆکارێکی دیکەیشی ڕەگەزی کەسێتییە. باوکم پیاوێک بوو بە دیدێکی داخراو و سوپایی، ڕێک بە پێچەوانەی ئەو شتەی کە من لەو کاتەدا و لە ئێستادا پێم وایە. ڕێک لە ڕوانگەی تێفکرین و کەسێتییەوە پێچەوانەی یەکتری بووین. لە لایەک ڕەنگە وتنی ئەوە بەم شێوەیەیش هێندە دادوەرانە نەبێت، چونکە بەهەرحاڵ ئەو بوو لە بەرەو پێشبردنی کار و بۆچوونەکانمدا هانی دەدام و کۆمەکی دەکردم. من لە ناخودئاگای خۆمدا ڕەنگە دوژمنی ئەو بووبم و ئەویش بەم شێوەیە ڕەفتاری لەگەڵ دەکردم؛ بەڵام لە ڕاستیدا ئەو پاڵی بە منەوە نا بەرەو کارێک کە هەڵمبژاردبوو.

**دەیەی چوارەمی هەزار و نۆسەدی زایینی**

**سۆزانای دایکی پازۆلینی لە ساڵی ١٩٤٢ لەگەڵ منداڵەکانی گوێزایانەوە بۆ زادگەکەی، شارێک کە هاوینانی لەوێ بەسەر دەبرد.**

**پییر پاولۆ پازۆلینی لە سروودەکانی کازیرسا:**

**کازیرسا، لەو ڕووناکییەی هاویندا کە تەواوبوونی نییە**

**سپی و وشک، وەک قسڵ**

**بە باشی لە پاڵ خۆمەوە هەست بەوە دەکەم**

**منی بچکۆلە و پوخت**

**بە پانتۆڵ و کراسێک لەسەر لەشێکی لەرزانی کشێنراو.**

ڕاستییەکەتان بوێ یەکەمین نووسینەکانم بە دیالێکتیی خۆجێیی فریۆلی نووسی. لەو کاتەدا گەنجێکی حەڤدە ساڵە بووم و ئارایشت و شێوەگیری من زۆر بە توندی لە جۆری ئەدەبی و لە ئاراستەی وشەناسی و مێژوو بوو. ئەملاو ئەولای لێکۆڵینەوەکانی من بەتایبەت لە ئاراستەی ئارمیتسمی ئیتالیا (ڕەوتێکی مۆدێرن کە لە شاعیرانی سەدەی بیستی ئیتالیا دروست بووبوو) دروست بوو.

ئەی ئەو کانیاوەی لە گوندەکەی مندایت

تۆ زووڵاڵ و تازەترین شەهدی

لە ناخی دیوارگەلی کۆنە.

بە دیاریکراوی ڕوانگەی من لگۆڕ بە دنیای چواردەور ڕوانگەیەکی تایبەتە کە ڕوانگەیەکی سروشت و لائیک نییە و لەم ڕاستایەدا بە سەرسوورمانەوە سەیری دنیای دەوروبەرم دەکەم و تاک تاکی شتەکان وەک بەدیهاتنی پەرجوویەک دەبینم. بە زمانێکی نە هێندە ددانپێدانانانە و کەمێک فەرمیتر، ڕوانگەیەک کە ئەمڕۆکە پێی دەڵێن ڕوانگەیەکی خەیاڵی بانواقعی (ئایدیالیسم)، واتا هەستێک کە بۆ هەموو ژیان و نووسینەکانی من شاعیرانە پەرچ بۆتەوە.

بەرەو تۆ هاتبووم

لە تێپەڕین لە سروودەکان و گۆرانییەکانی کۆڵانەکانی ئەسینا

لە دەستەکانمدا ئەوانە وەک ڕازگەلی گوندی

سوورەوەبوو، دەگوشم

ئارام و خامۆش وەک هاوینی ساڵی ١٩٤٣

لەنێوان ئاوایی و ڕەزەکان و لقگەلێک لە ڕووباری تالیامنتۆ

ڕەنگە لە جێیەک لە ناوەندی ئاسمان و زەوی و

لەوێ بە گەروو و دڵێکی کراوە

لە گوزەرگایەکی دوور

کاتێک مرۆڤ و هەموو ڕۆژێکی گەنجی

بە شوێن عەشقگەلێکی شیرینی ئەوانە

ئەمڕۆکەیش ئەسرین لە چاوانم سەرڕێژ دەکات

تێدەپەڕاند.

لە لایەک من لە فریۆلی لە جۆرێک دوورخراوەیی خەمین و هاوکات، خۆشدا دەژیام. جۆرێک زیندان کە لەوێدا بیرکردنەوە خۆپەرستانەکانی خۆم لە نێوان ڕەزەکاندا، دارتووەکان و چیمەنی سەرسەوزی، دەکردە کردار و هاوکات شوێنێکی خەمین بوو چونکە لەوێدا لە پرسەی براکەمدا دانیشتم کە ڕێک بەر لە کۆتاییهاتنی جەنگ، بە دەستی فاشیستەکان کوژرا. براکەم گەریلایەک بوو[1].

---

[1] - براکەی پازۆلینی لە ساڵی ١٩٤٧ لە کاتی خەباتی گەریلایی لە یۆگۆسلاڤیا کوژرا.

**پرسیار: لەگەڵ براکەت سازانی تەواوتان هەبوو؟**

بەڵێ، ئاسایی زۆرمان شەڕ پێکەوە دەکرد، هەروەک چۆن لە زۆربەی کاتەکاندا لە نێوان براکاندا ڕوو دەدات، بەڵام لە ناخەوە یەکتریمان خۆش دەویست و سازانی تەواو لە نێوانماندا هەبوو.

**پرسیار: تۆ وتت ئەو گەریلایەک بوو، تۆ گەریلا نەبوویت؟**

بەڵێ، ئەو گەریلایەکی تێکۆشەر و دژەفاشیست بوو، بەڵام من گەریلایەکی ئامانجگەرا (ئایدۆلۆژیک) بووم. بەردەوام لەگەڵ ئەو لە پەیوەندیدا بووم و بۆ ڕۆژنامە خەباتگێڕەکان کە ئەو کاری لێ دەکردن، وتارگەلی زۆرم دەنووسی. ئەو تێکۆشەرێکی چەکدار بوو و لەوێوە کە لە ئەو کاتە لە سەربازی بوو، لەم ڕێگەیەوە چالاکی دەکرد.

*ئەوم لە کاتی دوورکەوتنەوە بە جانتاکەی خۆیەوە کە لەوێدا کتێبێکی مۆنتالەی لە نێو پۆشاکەکانیدا شاردبۆوە بینی. لەو جانتایەدا چەکێکیش جێی کرابۆوە. ئەوم لە بیرە کە لە بوومەلێڵی بەیانیدا لە ماڵ دوور دەکەوتەوە. شانەکانی لە ناو چاکەتێکی بەکارهاتوودا کە سەردەمێک هی من بوو، گوشرابوو. پشت کەللەسەری لە دواوە...*

بەم شێوەیە لە کەشێکی لەم شێوەیەدا، ململانێکان لەنێوان دوو چینی کۆمەڵگە، واتا ئاغایان و زەحمەتکێشاندا دروست بوو. ئەم ململانێیانە لە فریۆلی کە لەو کاتەدا بە شێوەی دەرەبەگی بەڕێوەدەبرا، کاریگەریی زیاتری هەبوو و ڕێک لەوێ بوو کە من، ڕێگەی خۆم بە شێوەیەکی ئاتاجی، لە تەنیشت و دەست لە دەستی زەحمەتکێشان دییەوە و لە کۆتاییدا ڕێگەیەک بوو کە منی بەرەو بیرکردنەوەی مارکسیسم ڕێنوێنی کرد. ڕێگەیەک کە ئەمڕۆکەیش شوێنی دەکەوم، واتا ئەم ڕێگەیەی کە لە ناکۆکی و بەرگریی تەواو لەگەڵ کۆمەڵگەی فەرمانڕەوادا، کورت دەبێتەوە.

من لەگەڵ جۆرێک فەرهەنگی ئایینی لە ژینگەیەکی گوندی ئەزموونی ژیانم هەبووە، و ئەوەم لە زادگەی دایک، دایەگەورە و ئەژدادم دەستکەوتووە. لەم گوندەدا دەتوانی بڵێی ئایین لە ڕاستیدا دیاردەیەکە بە ژینگەی گوندییەوە گرێدراوە و ناوکی براوە. ڕەنگە لە گوندی ئەمڕۆکەدا ئەم بابەتە کاڵتر بێتە بەرچاو، بەڵام بە دڵنیاییەوە، بە شێوەیەک، پەیوەستە بە مێژوو دێرینی کشتوکاڵی و پیشەگەریی گوندی. لە ئێستادا ئەم چاخە، واتا چاخی مێژوویی

زەحمەتکێش و پیشەگەریی گوندی بە هۆکاری چوونە ناوەوە و گەشەی کۆمەڵگەی بۆرژوازی و سەرمایەداری، لە لێواری کۆتاییە. پێمخۆشە جەخت بکەمەوە مرۆڤ بە حاڵی خۆیەوە بەرەڵا کراوە، لە ئێستادا، ئەم وەرزێڕە لە زەوی دابڕاوە، چونکە سیمای بۆرژوازیی گۆشەگیری نییە، بەڵکوو یەکێک لە بنەماکانی ئەو ژیانی جەماوەری و چڕگەراییەیە لە شارە گەورەکاندا. لە گوندەکانی ئەمڕۆکەدا ئایین کاڵ بۆتەوە؟ ئایا ئەمە باسی بۆچوونی منە کە ئایین بە تەواوی دیاردەیەکی پەیوەست بە جیهانی گوندییە و بە لەنێوچوونی گوند، ئەویش فەنا دەبێ. ئەگەر ئایین یەکێک لەو مەتەڵگەلە مرۆییانەیە کە لە ئەزەلەوە هەبووە و تاهەتایەیش بەردەوام دەبێ و وەک دەڵێن لەگەڵ نەناسراوەکان و دڵەڕاوکێکانی مرۆڤ، خۆی وەک مەتەڵێک ئاوێتە کردووە، کەواتە ڕوونە نابێ نیگەرانی ئەوە بین بە مۆدێرنبوونی جیهان لە نێو بچێت.

**پازۆلینی بەم شێوەیە درێژەیدا بە نووسینی شیعر و پەخشان تا بەر لە کۆچکردنی یەکجارەکی بۆ ڕۆما، لە تەمەنی بیست و حەوت، بیست و هەشت ساڵیدا.**

**ساڵانی دەیەی پێنجەم- شەشەمی هەزار و نۆسەد**

پازۆلینی ڕۆما و گەڕەکە کۆنەکانی دەدۆزێتەوە و بەم شێوەیە پەی بە هەژاری و دواکەوتوویی ناوچە کوێستانی و گوندییەکانی ئیتالیا دەبات.

هەموو کارە نیورپالیستییەکان (واقعگەراییی نوێ) لەسەر ئەم باوەڕە گشتییەن کە داهاتوو، هەمیشە باشتر دەبێ لە ئێستا. ئەم باشبوونە بە دوای شۆڕشێکدا دێ کە ئەسڵەن زانیارییەک لە ناوەرۆک و چۆنێتییەکی نییە. ئەم بابەتە لە ئیتالیا بە نیگای بۆ دڵتەنگییەکانی ڕابردوو و بەیانی هونەری، لەگەڵ ڕاستگۆییی تەواو و بێ دووڕوویی توانای کریستاڵیزەبوون کە لە هەرحاڵدا لەگەڵ چێژی گەڕان و کنەوکۆڵین لە دەروونی خود و نکۆڵی عەیبەکانی خۆت یاوەر دەبێ. ئەم خودە پێتڤییەکی مێژووییە.

من کتوپڕ لە ساڵی ١٩٥٢ لە بیرکردنەوەدا تاکانە بازم دا:

تەنها ئەم خەڵکەن کە هەستی ڕاستەقینەیان هەیە

شتێک کە هەرگیز لەگەڵ کات پیر نابێ

جێیەک کە مۆدێرنیتە و تازەگەری تیشک دەپژێنێ

سروودە کۆنەکان کە

دووبارە دەبێتەوە

خەڵکە کە

تێپەڕیوەکان دووبارە دەکاتەوە

یەکەمین گەرمای شیرینی هەتاوی ساڵ

لەسەر تاقنماکانی ڕۆخ

گیان دەسووتێنێ

بە بان ڕاڕەوەکانی شارانی بچووکی چواردەور

شارۆچکەگەلێک کە هێشتا بەسەر شاخەکانیانەوە

بەفری زیاتر باریوە، بەرجەستەیە

لە جامخانەی دووکانەکانی ئاواییە گەورەکان

ڕەنگگەلی شادی پەردەکان و ئاوێزەکان

پۆشاکی نوێ

بە ڕەنگئامێزی تیواری خۆی

پەیامی تازەگەری جیهانێکی نوێ

بە خرۆش و دۆخێکی گۆڕاو

بە وێنەی و کەڕەنا کردووە.

کێشەی زمانگەلی ناوچەیی و دیالێکتەکان هەمیشە لە هونەری واقعگەراییدا جێگەی باس بووە. بۆ نموونە لە فیلمی *پایسکیل دزی دی سیکا*، کەسێتییەکانی فیلمەکە بە چ زمانێک قسە دەکەن؟ هەموویان بە زمان و دیالێکتی ڕۆمایی قسە دەکەن. بەم شێوەیە یەکەمین بابەت بۆ هونەری واقعگەرایی دروست دەبێ،

ئەمەی کە چۆن دیالێکتەکان لە زمانی نەتەوەیی و فەرمی خۆماندا بەکار بهێنین، هەمان کێشە و خەسڵەتی ڕەوانی زمانە. ئەم کێشەیە دواتر لە چۆنێتیی مامەڵە و بەکاربردنی زمانی خۆجێیی و زمانی فەرمیدا دروست بوو.

ئێستایش بینەری دیاردەیەکین، بۆ نموونە گەنجێک کە سەر بە یەکێک لە گەڕەکەکانی ڕۆمایە و بە تەواوی بە دیالێکتی ڕۆمایی قسە دەکات، هەندێکجار لە گوفتاری ڕۆژانەی خۆیدا سوود لە دەستەواژەگەلێک وەردەگرێ کە سەر بە شوێنەکانی دیکە، بۆ نموونە مارسیلیا یا نیس هاوڕێ لەگەڵ دەستەواژەگەل و پلارگەلی تایبەتە و لە بنەڕەتدا سەر بە شوێنێکی جوگرافیایی دیکەیە، لەم جۆرە کاتانەدا دەبێ چی بکەین؟ ئەم جۆرە ڕاهاتن و بەکاربردنی دەستەواژەکان و بەیانە دەتوانین زیاتر لە هەر شتێک پەیوەستی بزانین بە زانیاریی گەیاندنی کۆمەڵ، بەتایبەت بە ڕادیۆوە. هەندێکجار دەتوانی ئەوە لە کاری ئەدەبی یا هەر ڕێگەیەکی دیکەیشەوە وەربگری و بە شێوەیەکی گشتی، ئەم پێکهاتەیە بە تایبەت جۆری دەربڕینگەلی جیاوازە کە من هەوڵ دەدەم پیشانی بدەم.

لەنیوان گیاجاڕی تاریک

لەژێر هەتاوی تەوەزەل و کەم

هەرزەکارانی ئیوریا

بە ئادالبێر تۆس، کومیس، کۆرتیس، بانگ دەکەن

لەسەر گرد و دۆڵەکانی تۆسکانی بە هەراوزەنای پەڕەسێلکەئاسا:

Hor atorno frat Helya

دەستدرێژی ڕاهیبانەی قەدیسان بۆ دڵە ناقۆڵاکان

منداڵێکی نەگونجاو لە شارە پەراوێزییەکان

قەڵەمڕەوی خودایانی سەپاندووە.

خەڵک دەچڕن

بێوچان.

کۆنسێرتی گەورەی قەڵەمە کۆڵەرەکان و چەکوشەکان

دەژەنێ

لە کامپی دولی یۆ[2] و لە گەردنەکانی ئاپیننۆی[3] تازە

لە کوچە سپییەکانی دامێنی ئالْپ و

هەورەبرووسکەی بەردی خارا و تراورتن

لە بارودۆخێکی نوێ لە کەنار مرۆڤێکی ڕاستەقینە بوو

کرێکاری زەحمەتکێش

بتڵێکی شەو تێپەڕیوە

بە لەشێکی تێکشکاو

دەروونێکی کفت

دنیایەکی داخراو

داخراو لە کۆیلەیی خۆی

دووبارە دەبێتەوە

جیهانی "کرێگرتەیی"یە کە لە ناخی جەماوەری خەڵکدا

بەجێماوە و

خەڵک دەچڕن

بێوچان.

ئەم جادە خلیسکە کە لەوێدا دۆخی ڕۆیشتنداین، بە هەموو وردەبەردەکان و ناسافییەکان و هەورازونشێوەکانییەوە زۆر ناچیز و سووک دەبینرێ و بە هیچ کلۆجێک ناتوانی ئەوە لەگەڵ کارگەلی هونەری زۆر و جوانی هەبوو لە ئیتالیا بەراورد بکەیت. سەرباری ئەمەیش، بە بۆچوونی من دەبوو بە هەمان توندی و حەزەوە کە پشتیوانی لە کارێکی گەورەی هونەری دەکرێ، پشتیوانی و پاسەوانی لەو بکەین. ئەم کارە ڕێک دەبوو بە هەمان ئۆخژن و عەشقەوە لە

[2] - Campidog Lio، کۆشکی دەوڵەت.

[3] - Apenneino، زنجیرەچیاکانی ناوەندی ئیتالیا.

بارەی گۆرانییەکان و شیعری فۆلکلۆریشەوە ئەنجام بدەین، ڕێک بە هەمان شێوە کە لە کاری ئەدەبی بەنرخی وەک نووسینەکانی پترارکا، دانتێ و هیتر ئەنجام دەدرێ.

بە بۆچوونی من ئەم جووڵە نوێیە هاوکات و بە تەریبی حەماسەی بەرگری، واتا بە دۆزینەوەی ئیتالیای ڕاستەقینە دەستی پێ کرد. تەنانەت دەتوانین بڵێین دەستپێکردنی ئەو لەگەڵ واقعگەرایی بووە، وەک بڵێی لەگەڵ کارە بەنرخەکانی ئەم قۆناغە، تەنها کەمێک درەنگتر مامەڵە دەکەین و بەجەرگانە دەتوانین ددانی پێدا بنێین کاری بەنرخ لەم بەستێنەدا تەنها پاش دامەزراندنی گۆڤاری *ئۆفیچینا* دەبینین. ئێمە لەم گۆڤارەدا هەوڵمان بۆ خستنەڕووی شیعر و پەخشان دا و شیعرمان بە شێوەیەک لەگەڵ پەخشان کردە یاوەر و تەواوکەری یەکتری. لە گۆڤاری *ئۆفیچینا* هەوڵ بۆ ئەوە دەدرا شیعر لە ناوەرۆکی نوێ پڕ بکەین کە نەک شیعر بە مانای کلاسیک (باو) خۆی بێ و نەک بۆتەیەکی گشتی بۆ دەربڕین و گفتوگۆگەلی ڕووکاری کۆمەڵگە وەربگیرێ، بەڵکوو تێفکرینێکی گشتی و قووڵ لەگەڵ ڕوانگەیەکی نوێ لە جیهانی ئەمڕۆ هەژمار بکرێ.

ئەم هەوا داخراوە

هەناسەدانەوەی بەهار نییە

کە ڕەشاییی باخی نامۆ

ڕەشتری دەکات

یا درەوشانەوەیەکی تایبەتی پێدەبەخشێ

بە کڵاوڕۆژنەگەلی ڕووناک...

تفی ئەم ئاسمانە

بەسەر کەوانگەلی ژێرشێروانی ڕەنگ زەرد

ڕەوانە[4]

[4] - لە کۆمەڵەی میراتی گرامشی Le ceneri di Gramsci لە نووسینی پازۆلینی.

له پێوەند لەگەڵ ڕیز و سەروا دەبێ بڵێم لە زمانگەلی لاتیندا نەبووە و ئەوان سەروایان نەدەناسی. ئێمەی نیولاتینەکان بەهەرحاڵ کاتێک قسە لەسەر شیعر دەکەین، بە ناچاری لە سەروا هەڵنایەین.

ئەی نۆگوڵی لە عەوام هەستاو

ئەی سرووودخوێن

لێرە

لە کەناراوی ڕووتی ئانیەنە[5]

بۆ هۆنینەوەی سرووودێکی نوێ

لەگەڵ ئەم خۆشی و باڵسووکییە سادەدڵانە

خۆهەڵکێشانە

بە کام گردەبڕی لەسەر ئەو باوەڕەی کە

لە قووڵاییی نەزانی تۆدا

مەشخەڵی زانایی

بە زوویی لەنێوان ئەم هەوربڕە بێبەرهەمانە

نوتفەی بەختەوەری لە دڵی خەڵکی خەمین

بەوجۆرەی کە ویستی مێژووە

داگیرسێنێ؟

مێژوویەک کە لەوێدا ئیدی مرۆڤ

هێرشبردنی پێویست و دەسەڵاتی لە یادگەی مێژوو نەبووە و

ڕەنگە ئیدی هەڵبژاردنێکی نەبێ جگە لەوەی کە

توندی و خۆڕاگری بەختەوەری تۆ

بە پەرێشانی و دادویستی خۆی باڵا بکات و

---

5 - ڕووبارێکی خوڕ لە ڕۆما.

لە ئاستانەی چاخێک کە لە سەرەتایداین

ڕووناکی هیی ئەو کەسەیە کە خۆی نازانێ.

خەڵکانێک کە زیاتر کەیفم پێیان دێ، کەسانێکن کە بە ئەگەری زۆر تا پۆلی چوارەمی سەرەتاییش نەیانخوێند، واتا بێئەوەی بمەوێ لاف لێبدەم، بەو مرۆڤانە دەڵێم تەواو سادە. لەو ڕووەوە کە فەرهەنگی بۆرژوازی و وردە بۆرژوازی لێرە و تەنانەت لە فەڕەنسا و ئیسپانیایش هەمیشە هاوواتا بووە لەگەڵ گەندەڵی و ئالوودەیی لە حاڵێکدا کە کەسێکی نەخوێندەوار خاوەن ناسکییەکی ڕۆحی تایبەتە کە وردەوردە لە پرۆسەی وێکهاتنەوە لەگەڵ فەرهەنگی کۆمەڵایەتیی مۆدێرنتری ئەو لەدەست دەدا و دەگۆڕێ بۆ شتێکی دیکە. هەڵبەتە لەم گرووپە سادە بیرکەرەوەیەدا کەسانێک هەن کە لە ڕیزی فەرهەنگێکی زۆر باڵان.

**دەیەی شەشەمی هەزار و نۆسەدی زایینی**

هێشتا لە ساڵانی شیعردا دەژین، بەڵام بەرلەوە ساڵانی سینەما دەستی پێ کردووە. پازۆلینی بە سینەما دەڵێ "ئینجلیی هەژاران". لەم ساڵانەدا پازۆلینی کاری شانۆیشی دەستپێکرد.

لەو کاتەدا ڕووم لە سینەما کرد و تا ڕادەیەک وازم لە کاری ئەدەبی هێنا. دەتوانم بڵێم لەم قۆناغەدا وازم لە ڕۆماننووسیش هێنا، وەلێ درێژەم بە نووسینی شیعردا، بەڵام تاڕادەیەک هەموو کاتەکە خەریکی سینەما بووم. ئەم بابەتە لە دەیەی شەشەمی هەزار و نۆسەد ڕوویدا و ئەمەیش بێ هۆکار نەبوو، چونکە ئەو ساڵانە لووتکەی قەیرانی ڕۆشنبیری ئیتالیا بوو. لەو کاتەدا ئیتالیا لە دۆخی پەڕینەوە لە قۆناغی سەرمایەداریی مێژوویی بوو بۆ جۆرێک سەرمایەداریی تازە.

هەندێکجار لە ناخی ئێمەدا شتێک دروست دەبێ

کە تۆ باشی دەناسی

چونکە شیعرە

شتێکی تاریک

که بریقه دەداته ژیان

گریانێکی دەروونی

دڵتەنگییەکی لیپاولیپ ئەسرینی سوێر بوو.

تێپەڕین لە نووسین و شیعر بۆ دنیای سینەما لە خۆمدا بە شێوەگەلی جیاواز شیم کردۆتەوە. یەکەمین و سروشتیترین هۆکار ئەمە بوو بە شوێن گۆڕینی شێوازی دەربڕینەوە بووم. ئەم بابەتە واتا گۆڕینی شێواز لە شیعر و نووسینەکانی مندا کە سینەما ڕێگە و شێوازێکی نوێ و هەمەگیرە، بەڵام دواتر هەستم کرد ئەم بابەتە ڕاست نییە، چونکە سینەما هونەرێکی تازەی ئەدەبی و ڕۆشنبیری نییە، بەڵکوو لە بنەماوە زمانێکی دیکەیە. ئەم هونەرە بریتییە لە کۆمەڵێک نیشانە کە لە هەموو جێیەکی دنیا شایەنی پێشکەشکردن و تێگەیشتنە. یەکێک لە دیارترین خاسیەتەکانی ئەمەیە وەک شیعر و ئەدەبیات، سوود لە سیمبوڵەکان وەرناگرێ کە هەمان وشەکان بن، بەڵکوو سوود لە پیشاندانی واقعیەت بەش بە حاڵی خۆی و بێ دەستێوەردانی دەست، وەردەگرێ.

بەم پێیە ئەمە ڕاست نییە تەکنیکی ئەدەبی خۆم گۆڕیوە، بەڵکو دەتوانم بڵێم زمانی خۆم گۆڕیوە و ئەمەیش بە ئەگەری زۆر بە مانای ناڕەزایی شاراوەی من بوو لگۆڕ بە زمانی ئاساییی ئیتالیایی و تەنانەت دژە کۆمەڵگەیەک کە لە ڕێگەی ئەم زمانەوە خۆی بەیان دەکرد. بە دەربڕینێکی دیکە بە هەنگاونان بۆ بواری سینەما، مەبەستم گۆڕینی نەتەوەیی خۆم بوو.

"مەگەر تۆ نازانی مرۆڤێکی تا ئەوپەڕ ئاسایی چۆن مرۆڤێکە؟ ئەو خێوێکە، دێوێکە، شێتێکی مەترسیدار، کەسێک کە خۆی لەگەڵ کۆمەڵ دەگونجێنێ (کۆنفۆرمیستێک)، یەک لایەنگری نەزمی داڕووخاو، ئیمپریالگەرێک، یەک داگیرکەر، نەژادپەرستێک، کۆیلەفرۆشێک و مرۆڤێکی بێباک و نێرەمووکە"[6].

شوێنێک هەیە لە فیلمی مەسیح کە لە دەوروبەری پاوانێکی گەورەی ئەوێ بە ئەگەری بەهێز کۆمەڵێکی زۆر بۆ بیستنی قسەکانی حەزرەتی مەسیح کۆ بووبوونەوە، کەنیسەیەکیش بە گومبەزی ڕەش لەو دەوروبەرە دەبینرا، مەسیح خەریک بوو قسەی بۆ خەڵک دەکرد. خاڵێکی باڵکێش کە سەرنجی منی ڕاکێشا،

[6] - کەسێك کە لەگەڵ سیستەمی فەرمانڕەوا هاوشێوە و هاوفۆرم و هاوئاهەنگ دەبێ. لە بەرامبەردا، وشەی ئەنتی کۆنفۆرمیستە بە مانای کەسێکی نەگونجاو لەگەڵ سیستەم.

سادەیی و بێ ئارایشتی بەرچاوی ئەم شوێنە بوو و ڕێک لەبەرئەمە ئەویم بۆ یەکێک لە دیمەنە گرنگ و ڕەنگە جوانترین دیمەنەکان کە لە فەڵەستین وێنەی گیرا، هەڵبژارد. دیتنی سادەیی و پاکی لەم شوێنە و جێبەجێکردنی ئەم دیمەنە هەستیارە، ئەزموون و فێرکارییەکی زۆر ڕاچڵەکێنەر بوو لە ژیانی مندا:

"نەبادا پێت وابێ من بۆ هێنانی ئاشتی هاتوومەتە سەر زەوی؛ من بۆ هێنانی ئاشتی نەهاتووم، بەڵکوو شمشێرم بە دیاری بۆ هێناون، چونکە هاتووم تا پیاوان لە باوکان، و کچان لە دایکان، و بووکەکان لە خەسووەکانی خۆیان جیا بکەمەوە. بەم شێوەیە دوژمنانی مرۆڤ، نزیکترین کەسانێک، واتا دەبنە ئەندامی خێزانی ئەو. هەر کەسێک باوک و دایکی خۆی و هەر کەسێک خوشک و کوڕی خۆی لە من زیاتر خۆشدەوێ، لێرە جێی نابێتەوە. هەر کەسێک ژیانی خۆی دیوەتەوە، لە دەستی دەدات و هەر کەسێک لە ڕێگەی من گیانی خۆی لەدەست بدات، دووبارە زیندوو دەبێتەوە."

ئەمە دیمەن و ڕوانگەیەکی دیکەیە لە شاری ئۆرشەلیم کە بە ئەگەری بەهێز دیمەنێکە زۆر هاوشێوەی ئەوەی لەو سەردەمەدا مەسیح و شەیتان لە تاوەری پەرستگەکەوە بینەری بوون. ئەم یەکە باخی جیستمانەکان (ئاش و شوێنی گوشینی زەیتوون)ە، سەرنج بدەنە دارزەیتوونەکان و هەیبەتی سروشتییان. ئەمە ئەشکەوتێکە کە سەرباری هەبوونی شێوەی مۆدێرن، دەبوو هاوشێوەییەکی زۆر لەگەڵ ئەشکەوتێکدا هەبێ کە مەسیح لەوێ لەدایک بوو و لە ئێستادا لەوێدا چەندینماڵباتی بێنەوای عەرەب دەژین، مرۆڤانێک کە هێشتا باوەڕیان بە پەرجووی پارەیەکی زێڕ هەیە.

ڕێگەی خۆمان بەرەو ناسرە درێژە پێ دەدەین و جەلیلە[7] لە باکوورەوە تێدەپەڕێنین. یادەوەری و یاداشتگەلی زۆرم بە درێژاییی ئەم سەفەرە نووسیوە:

ڕەنگە لەم شوێنە، پێشتر شتێک هەبوو

کە تۆ ئەوەت بە بوونی تەمومژاویت

لە دیمەنی بوون، سڕیوەتەوە و

ئەوەت هەروەک خۆڵەمێشێک

---

[7] - یەكێك لە ناوچە مێژووییەكانی فەڵەستین كە ئەمڕۆكە لەنێوان ئیسرائیل و ئەردەن دایە.

لە ئاگری خۆتا بەجێ هێشتووە

ئەو منداڵانە ببینە، جوان سەیریان بکە. ئەوانە منداڵانی خەڵکانی ئاساییین یا لەوانەی کە تۆ پێیان دەڵێی منداڵانی بێتام و بەناز و بیانووگر؟

نا من کەیفم بە مانە دێ.

بەدبەختانە من لەوانەم کە بە بۆچوونی تۆ بیانووگر دێنە بەرچاو: باوکم پلەدارێکی لەشکر و دایکم مامۆستایەک بوو؛ هەینێ کتوپڕ هاتمە شاری ڕۆما و ئاشنای دنیایەکی نوێ بووم کە پێشتر ناسینێکم لێی نەبوو. لێرە دنیای زەحمەتکێشان دەبینی، جیهانێکە کە لەوێدا کرێکاران زەحمەت دەکێشن و هەواڵێک لە خۆشگوزەرانان و بەناز پەروەردەکراوان نییە. لە میلان کرێکاران گۆڕاون بۆ پرۆلیتاریا، لە ڕۆما و ناپۆلی و شارەکانی دیکە لە هەمبەردا کرێکاران هەمان زەحمەتکێشانن، چونکە لەم شارانەدا کارگە و پیشەسازی هێشتا بە ڕادەی میلان نییە. دەتوانی ئێرە لەگەڵ جیهانی سێیەم بەراورد بکەیت کە دنیایەکی تایبەتە. تۆ دەزانی جیهانی سێیەم واتای چی؟ ڕاست بڵێ دەزانی واتای چی؟ باشە من پێت دەڵێم، جیهانی سێیەم چاخی پێش پیشەسازییە، وەک ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای باشوور. ئەم منداڵانە دەبینی؟ جیهانی سێیەم ڕێک لێرەوە دەست پێ دەکات و من کە منداڵێکی بیانووگری خۆشگوزەران بووم کاتێک هاتمە ڕۆما، ئەم جیهانەم ناسی کە تازە بووم بۆم و لەبەر ئەوەی شاعیر و نووسەرێکم سەبارەت بە ژیان و کێشەکانی ئەم خەڵکە دەنووسم.

گورزێکی دیکە لە جوانی

بۆ شێوەدان بە جۆرەکانی دیکە

نەخشگەلی دیکە لەسەر ناوچەوان و

سەرگەلێک کە هەر یەکەیان شێوەیەکی تایبەتیان هەیە

بەڵام جوانی هەمیشە جوانە و

هەمیشە ڕاستگۆیە

جوانی لێرە جارێکتر

لەنێوان قژی لوول و پێچاوپێچ

پێستی جوانی هەروەک ئاوریشم و

سکگەلێک بە چەماوەیی خۆش هێڵ و جوان

بەستێنی گەشەی خۆیان دەدۆزنەوە.

زمانی ئیتالیایی لە ڕاستیدا زمانێکی تەواو ئەدەبییە و ئەم بابەتە لە تیۆردا بۆ سەدەکان و لە کرداردا تا دە یا بیست ساڵی ڕابردوو چۆتە پێشێ؛ لە حاڵێکدا کە زمانی فەڕەنسی لە هەمبەردا لە بۆتەی یەکێتیی نەتەوەییدا بە شێوەیەکی دیکە لە جەماوەری خەڵکدا کاری کرد. میدیای ئیتالی ڕێک لە چوارچێوەی ئەدەبی یەکێتی و یەکانەیی خۆی پاراستووە. ئەم شایستەییەی بە نۆرەی خۆی لە فلۆرانس و لە ژێر هەلومەرجی تایبەتی زمانی خۆیدا دروست بوو کە لەنێوان گەورەکانی ئەدەبیاتی ئەو زمانەدا دەتوانین لە دانتێ، پترارکا و بۆکاچیۆ باس بکەین کە بە جۆرێک، بە هۆکاری سەرتری ئەدەبی خۆیان سەپاون بەسەر باقی کۆمەڵگەدا. مەبەست ئەمەیە لە ئێستادا بینەری زمانێکی تاقانەی ئیتالیایین لە ئەدەبیاتدا کە بۆ نموونە لە ڕۆژنامەکاندا لە میلانەوە بیگرە تا پالێرمۆ تاڕادەیەک بە یەک شێوە بەکار دەبرێ، لە حاڵێکدا کاتێک ئیتالیاییەکان زار هەڵدێننەوە، هەر یەکەیان بە زمانی خۆجێیی خۆیان قسە دەکەن کە لەم حاڵەتەدا دەتوانین بڵێین ناوەندی زمانی ئەدەبی ئیتالی ئیدی فلۆرانس نییە، بەڵک ناوەندێکی تەکنیکی زمانمان هەیە کە گوێزراوەتەوە بۆ شاری میلان. مەبەست ئەمەیە زمانی ئیتالیای هەر ئێستا لە ڕێگەی جۆرێک زمانی تەکنیکی یەکی گرتووە، بۆ نموونە ئەگەر وشەی بەفرساز لە بەرچاو بگرین، لە ژنێکی ناوماڵی پالێرمۆوە تا کارمەندێکی میلانی، هەموویان پێی دەڵێن بەفرساز و لێرەدایە دەتوانین بڵێین وشەگەلی تەکنیکی وەک توێژاڵێک هەموو ئیتالیا ڕووماڵ دەکات و لەم ڕاستایەدا بە شێوەیەک یارمەتیی یەکێتیی ئەو دەدات.

ئۆتیلیۆی ئازیز! ئەی بەندەی گرێبەستە پیشەسازییەکان

لە بەرامبەر تۆدا هیچ شتێک توانا و بەرگەگرتنی نییە

نابینی چۆن لە پشتیوانی لە هاوڕێیانی لائیک و

کۆمۆنیستت

لە بەرامبەر هەواڵی ناڕاست، دەستەوەستان بوویت!

بیرکردنەوەی گشتی خەڵک قەت و قەت

هۆش و زیرەکی

لە حوکمدانی خۆیاندا بەکار نابەن

تۆ تەنانەت لە شوێنکەوتنی خوێنە ڕژاوەکان لە لاگرنیز

حوکمێکی گردەبڕ و بڕندە

لە یەکێک لە ملیۆنان هاونیشتمانی، ناچێت بە گوێتدا!

هاوارگەلێک کە بە هەموو بوونەوە جەخار و دڵسارد

خۆیان بەیان دەکەن

بۆ جەماوەرێک کە لە پاش سەدەگەلێک بێدەنگی و گۆشەگیری هاتوو

زەینیەتێک پتر نییە

واقعیەت

عەشقێکە لێوڕێژ لە تامەزرۆیی

کە زانایی خۆی بە تەواوی بۆ

درێژەدان بە ژیان بەکار بردووە

ژیانێک کە خۆی لە بەنددا ماوەتەوە.

پێمخۆشە کەسێتیی ئۆدیپ بناسێنم کە کەسێتییەکی ڕاستەقینە و مێژوویی و تەنانەت هۆڤی و یاخییە، لەم پێوەندەدا پۆشاکەکانی شانۆ بەرلەوەی بیرخەرەوەی یۆنانی دێرین بن، سۆمەرییەکان و ئازتکەکان و تەنانەت خۆجێییەکانی ئەفریقای ڕەش پەرچ دەکەنەوە. ئێستا ئەم پرسیارە دێتە پێشێ کە بۆچی بەم شێوەیە کەسێتیی ئۆدیپ لە مێژوودا دەگێڕنەوە بۆ دواوە؟ ئەمە بە کارێکی خۆشی وەڵام دەدەمەوە تا خەڵک وەرگرتنێکی گشتییان هەبێ: ڤیپۆ کەسێتییەکە زۆر باڵکێشە بۆم وەک بڵێی کەسێکە سەر بە سەردەمی منە و ئەو دوور لە ژیانی خۆم دەزانم و ئەو لە تەنز و حەماسەدا پێناسە دەکەم، چونکە

ئەم دووە بە ئەوزاری دوورکەوتنەوە لە واقعیەت دەزانم و لەم ڕێگەیەوە لە کەسێتیی ئۆدیپیدا لە شوێنی خۆم ناوەستم و ئەو بە شێوەیەکی ئەمڕۆیی و نزیکتر لە خۆم پیشان دەدەم:

ڕووخساری نامۆ و ئێسکنی خۆم پیشان دەدەم

ئیدی هاوارم بە دەنگی لاڵ بێ بەرهەمە

چەند بێباک لە نەزانی لە مەرگی ئەوانی تر دەڕوانن

من دەمرم و ئەم نەزانییەیشیان ئازارێکی دوو هێندەیە لەسەر من

ناوەرۆکی بنەڕەتی کارەکانی من کە فۆرتینی پێی دەڵێ ناودژ، هەمان ناودژگەراییە کە هەموو شتێک بە دژەکەی خۆی بەیان دەکات، بۆ نموونە کچێکی قژزەردی ڕەش. لەم حاڵەتەدا کارەکانی من بە خاوەن بوونی ئەم ناودژییە، دوێنەر و بەرکابردنێکی جیاوازیان دەبێ.

لە پێستی شێردا دەمبینن

کە بەدحاڵیبوونێک زیاتر نییە

ئەمە سەر بە چیرۆکێکی دیکەیە

داوام لێ دەکەن لە بەرامبەر گاڵۆک بە دەستان و زۆر بلێیان و

دەسەڵاتی ڕەشی ئیمپریالیستان، پێستی دێوی بەنەڕە هەڵبدرم.

ئاە... بەڵام عەشق و مەیلەکانم پیس و ژاراوی نییە

تووڕەییی ڕاستگۆیانەی من بۆ شەڕ ناگەڕێ.

من باوەڕم بە گەشەی کۆمەڵایەتی هەیە، بەڵام باوەڕێکم بە گەشە و دەروازەی شارستانێتی نییە، بەتایبەت بەم جۆرە گەشەکردنە. ئەمە گەشەکردنە ناوەرۆکێکی کارەساتبار دەداتە سروشتی من، چونکە من کۆمەڵناسێک یا

پرۆفسیۆرێک نیم و پیشەیەکی زۆر سەیرم هەیە کە نووسەرییە. من بە هۆکارگەلێکی پیشەیی ڕاستەوخۆ کاریگەری لە ئاڵوگۆڕە مێژووییەکان وەردەگرم.

ئەمڕۆ، واتا نیسانی ساڵی ١٩٦٧، بابەتەکان زۆر گۆڕاون. کۆمەڵگە ئیدی ئەو کۆمەڵگە پێش پیشەسازی، گوندی و ئاییینییە نییە. ئەمڕۆکە بینەری ژیاری پیشەسازی و ژیاری جەماوەرین کە بە شێوەیەکی تەواو جیاواز و دوور لە سروشت خۆی دەنوێنێ. بە ئاگاداربوون لەم بابەتە، شاعیر ئەم پرسیارە دەکات کە ئایا توانای ئەمە هەیە درێژە بە نووسینی شیعر بدەین؟ من بە نۆرەی خۆم نزیکەی دوو یا سێ ساڵە شتێک بە ناونیشانی شیعر یا نەزم نانووسم. پەیوەندی لەگەڵ واقعیەت لە خاڵێکدا بەستوێتی کە لەوێوە توانای دروستکردنی ئەم پەیوەندییە بە هیچ کلۆجێک نییە. لێرەدا پێمخۆشە دوو دێڕ شیعرتان بۆ بخوێنمەوە کە پیشاندەری دژواریگەلی فرەیە لە پیشاندانی واقعیەتی زاڵ:

پەیامهێنەرێک کە توانای کوشتنی مێشێکی نییە

دەتوانی ئەم هاوارە شاعیرانەیە بکات

چونکە دەسەڵاتی ئەو لە تۆز تۆزە پووکانەوەیە

بەم شێوەیە، هاوارم کرد:

"بەختی من دەتوانێ ئازاد بێ!"

و بەم شێوەیە گۆرانیی خۆم وت

هاوشێوە لەگەڵ حەقیقەتە بەرجەستەکان.

ئێمە دەست لە کینایەکانی گوندی ئینجیل دەدەین، بەڵام گەنجێک کە لەم ساڵانەدا لە هەر کوێیەک لەدایک بووە و پەروەردە کراوە، بە دژواری تێگەیشتنێکی لە فەرهەنگ و سیمبولەکانی کشتوکاڵی دەبێ. پێویستە ئەم فەرهەنگەی بە جۆرێک بۆ بەیان و وەربگێڕین. بە ئاگاداربوون لەمە دەمەوێ بڵێم ئینجیل و مەسیح بەیانی جیهانی گوندی دێرینن و مرۆڤی ئەمڕۆکە هەڵکرانێکی نییە لێی. ئەم بابەتە لەم بیست ساڵەی دواییدا توند بووە و تا بیست ساڵ پێشتر گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە بنەمای ئەم فەرهەنگەدا دروست نەبووبوو: وەرزێران لە مەزراکانی خۆیاندا

سەرقاڵی کار بوون، لە چاوەڕوانی بەهاردا دادەنیشتن، کێشەی هەمیشەیی مرۆڤ، واتا خراپ و باش بەرقەراربوو و بە شێوەیەکی گشتی جیهان هەروا لەسەر تەوەرێک بە دووبارەیی دەچووە پێشێ. بەڵام لەم پێنج، شەش ساڵەی دواییدا لە ئیتالیا و لە وڵاتانی دیکە زۆر بەر لەوە هەموو ئەم بناغانە بە شێوەیەکی گشتی گۆڕاون. لەم حاڵەتەدا زەوی ئیدی بەرهەمهێنەر نییە، بەڵکوو ئەمە پیشەسازییە ڕۆڵی بەرهەمهێنان دەگێڕێ. باوەڕەکان و پێکهاتەکان گۆڕاون.

سەردەمێک بوو کە لە گەنجیدا باوەڕم بە شۆڕش هەبوو، هەروەک چۆن گەنجانی ئەمڕۆ باوەڕیان پێیەتی. لە ئێستادا ئیدی باوەڕم بەو شێوە شۆڕشە نییە و لە بەرامبەر خۆمدا جیهانێک دەبینم کە هەموو ڕۆژێ لە ڕۆژی پێشتر زیاتر بەرەو چەپەڵی و هەڵگەڕانەوە ڕادەکێشرێ.

ڕوخسارەکانی ئێوە هەروەک بیانووگرە خۆشگوزەرانەکانە، کەواتە ئەمە ڕاستە نەژادی سەرتر خۆی دەنوێنێ! هەمان نیگای توورەی ئەوان ئێوەی نەژادپەرستانیش هەتانە دوێنێ کە لە واله جولیا لەگەڵ پۆلیسەکان پێکدا هەڵپژان، من دڵم بۆ پۆلیسە گەنجەکان سووتا، چونکە پۆلیسەکان ڕۆڵەی هەژارانن و لە دەوروبەرەکان یا گوندەکانەوە دێن. ئەوان وەک تۆ تەمەنیان بیست ساڵ زیاتر نییە. ئازیزانی من لە سەرکەوتن بەسەر پۆلیسە نەگبەتەکاندا شانازی بە خۆتانەوە مەکەن، چونکە ئەوانیش لەم بارودۆخە نالەبارەدا ناچاری کرێگرتەیین.

نووسەرێک بەردەوام لە کاتێکدا کە شەوق و تامەزرۆییەکی بێ مەبەستانەی هەیە، ناڕازییەکی زیندوو و هەمیشەییە. هەر کە زار هەڵێنێ، ناڕەزایی لە شتێک دەردەبڕێ، لە هەرچی دەوڵەتە، لە هەرچی کرێگرتهی‌یە، بە هەرچی سەرمایەداری یا وێکاتنەوەییە، بە هەرچی کارگێڕی یا نەتەوەیی و تەنانەت ئیمانییە... بەم پێیە هونەرمەندێک هەر بە کردنەوەی دەمی، مرۆڤێکی بەرپرس و دەرگیر و خاڵی ئامانجە.

پێشکەوتن شتێکی نوێیە، شتێکی ناقۆڵا و ناحەز و ناشیرین بۆ مرۆڤ. لە ڕاستیدا ڕازیبوونەکان و خۆشگوزەرانی بچووک و خۆنوێنی و پێشدانەوەیە و لە کۆتاییدا کاتێک بە دەست هات، شتێکی ناشیرینە لە دەستی مرۆڤدا. بەهەرحاڵ لەم پرۆسەیەدا دنیای ئانتیک و واقعی لە هەموو جێیەک لەنێودەچێ و دنیای سەرمایەداری و کۆیلەیی جیهانی و سوود و قازانجی تایبەتی جیهانی دێرین، دەگۆڕێ بۆ شتێک کە ناونیشانەکەی (سەخیف و کەم مایە)یە.

ڕژێمی ئێستای ئیتالیا دیموکراتیک و چی و چییە، بەڵام دنیای بەرکاربەرە کە ژیان لە واقعیەتەکانی خاڵی دەکاتەوە.

**پرسیار: له جێیەک وتووته پیربوون ڕەهاییيه. بۆچی؟**

چونکه ئومێدی له کیسچووی داهاتوو و چاوەڕێییان کۆتایی دێ. ڕەهاییەکی گەورەییه پیر بوون.

**سەرچاوە:**

مذهب زمان من

اشعار، یادداشت ها و گفتوگو

پیر پاوئلو پازولینی

ترجمه، سیروس شملو، مجید راسخی

انتشارات مازیار، چاپ اول ۱۳۹۲